# دەشتێ ژنان پڕاو پڕی دۆزەخ بن

دڵزار حەسەن



سەیرکەن
چۆن ئەشق تیاماندا ئەدرەوشێتەوە و
شکۆکانی بە گوناهێکی تر و بەختایەکی شەرمنانەوە
وەکو بەفر لەسەر رووحەکانمان نیشتووە
هەمیشە سەیرکەن
تا دوای هەڵکێشانی هەناسەیەك و
زەردەخەنەیەکی ئاییانە
بەناو گیاکاندا ئاشقی بێکەس و بێپەنا بدۆزنەوە
هەمیشە سەیرکەن
تاگۆشەگیری مرۆڤ لە تەنهایی خودا فۆلتر دەبێت
سەیرکەن
لەوانەیە لە ئایندەدا ببین بەفریشتەی ئایینی
لەوانەیە لەگیانمان شەیتانی هەمەرەنگ هەبن و
سەرنجمان بۆ دواهەمین رووح راکێشێ
سەیرکەن
منیش خۆم لە چنگی تەلیسمی ناو ئەو جەنگەڵانەدا رادەپسکێنم و
لەژێر سێبەری ئەستێرە و مانگ و کزەبا ساردەکانی پایزدا
سەرخەوێك لەماڵی تەنیایی زەویدا دەشکێنم
ئای چەند خۆشە لەژێر کەپرو خێوەت و دەواری دڵداران
بۆنی گوناهی ماچی ئاشقانبکەیت
یان لە شەوی درێژو مەجلیسی حیکایەتخوانەکاندا
قاوەیەك بەدیار مەستی جەلادەکان بخوێتەوە
من ئێستاش
بەدەم حیکایەتی ناو ئەو کتێبانەوە
پیاوێك لە کپی و ژنێك لە متبوون دەبینم
زۆر جار هەستم دەکرد قووڵایی ئەو کتێبانە
رۆشنایی ئومێدێکە
کە دەتوانێت بەو پەری حیکمەتەوە
جەلادەکان بگەڕێنێتەوە ناو حیکایەتە گەورەکان
ئەو حیکایەتانەی لە سەرابدا جەنگاوەر دروست دەکەن و
لە ونبووشدا گەڵایەکی سەوزی بێ نیشتیمان
سەیرکەن
لە شەوە هەرەتاریك و ساردو باراناویەکاندا
من لەوێ لەگەڵ هەناسەو دەنگی حیکایەتەکاندا خەوم دەزڕا و
بەر لەوەی گیانم لە سەفەرە ناوەختیەکەیدا بگەڕێتەوە

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

لیَوم به گومانەکانیان تەڕ دەبوو

نادیاریتان باش

پەیکەرە شکاوەکانی ناو یادەوەریم

جەنگی شەرەف و قارەمانیەتی و سوار چاکی و

پیاوە تیتان پیرۆز بیَت

نادیاریتان باش

مەخلووقاتە رەنگاو رەنگەکانی ناو دەوەنی جەنگ

خویَنی براکانتان پیرۆز بیَت

خویَنی ئەو ژنە عەبابەسەرە تۆزاو یانەتان پیرۆزبیٚ

کە لە بەردەم دیواریَکی سپیدا

گیانەکانیانتان خاش خاش کردو

لەبەر هەیوانیَکی ئەڵماسیدا

تابووتیَکتان لەگیا بۆ تاشین و

لە حەرەمی دەرگایەکی ئاسنیندا

ئاسمانی یادەوەریەکانیانتان بە غەزەبی کوفریَك سپارد

ئای ئەشق چ خەتایەکی گەورەیە

کە توانی بەیەك زەردەخەنەی نەفرەتاویەوە

هەزاران ئاگر و

هەزاران سیَبەری نادیار و

هەزاران ئیَوارەی تەماوەی و

هەزاران ئاسمانی هیَچگار شین و سەوز

بگەڕیَنیَتەوە ناو قووڵاییەکانی کتیَب

ئەو قووڵاییانەی بەدریَژایی سنووری بیَدەنگی

رایهیَنابووین سەیری یەکتر بکەین و

لە تۆڕەییدا شەڕ بەدرەخت و زیندوویەتی خۆمان بفرۆشین

لەناو ئەو مەشهەدانەدا

کەگویَمان لە ئایەتە شکاوەکانی ئەشق دەبوو

بیَهۆشدەبووین

هەستەکانمان

دەبوورا یەوە و چیتر شیعری بۆنەدەهات

گیانەکانمان

لەگەڵ خوادا دەکەوتنە سەما

بیٚئاگا لەوەی خوا رووەو یەقین لەگەڵ گەڵای درەختەکان

سەما بە ئومیَدەکانی دەکات

نیازەکانمان

هەمیشە بە حوزنیَکی درەوشاوە وە

ئارەزووەکانی مەستی بەختیاری دەکات و

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

بەدەستە سرپێك شەرم لە گۆنای شیعر دەسرێ

نیگاکانمان

لە ئایینی نوێوە فێری تێپەربوونی کاتەکاندە بێ و

هەمیشە بەدەنگێکی نامۆ ئەو وشانە دەچرپێنێت

کە لێویان پڕبووە لە نهێنی

من ئەو وێنانەم لە قوولآیی حیکایەتی ناو کتێبەکەوە بینیوە

دەمدیت ژنان بە جۆتێ گوارەی زۆر قەشەنگ و

بە جلێکی ئاوریشمینی زۆر شۆڕەوە لەناو دەستشۆرەکاندا

غوسلی نەجابەت دەردەکەن و

لەبەردەم تووڕەیی پیاوە ناوەنجیو وچاغکوێرەکاندا

قێزیان لە شوێنە ترسناکەکانی جەستەی خۆیاندە کردەوە و

لەگەڵ گەورەبوونی هەوەسەکانیشیاندا

بەنیگایەکی پیس و شەیتانی

سەیری پاشماوەی منداڵبوونەکانی خۆیاندەکرد

دەیانگووت

ئێمە گوناهمان بەرامبەر پیاوەتی یەزدانکردووە

هیچ شتێ جگە لە ئاگر پاکماننـاکاتەوە

دەمبیست لێیان و دەیانگووت

بۆنی کچێنی ئێمە لە هەناسەی شەیتانەوە یە

دەشێ ژنان پڕاو پڕی دۆزەخ بن

پیاوانیش ببن بە یەك پارچە لەبەهەشت

ئای بۆ منێکی کلۆڵ

کە حەزم لەگەرمای ژنەو

بوونیشم لە فێنکی پیاوە

ئای کە حەزم دەکرد لەبەردەم ئەفسانەیەکی زۆر کۆندا

بازنەی تەنیاییم بپچڕێنم و

لە بەرزایەکی زۆر ئەستوور یشدا ئابلۆقەی یادەوەریەکانم بدەم

تا دەنگی هیچ یەکێك لەو زیکرانەم گوێلێنەبێت

کە لەسەر شەقامی جیاوازی منی مرۆڤ و ئەوی ئاژەڵدا

دادوەرییاندەکرد

لەدنیادا

دەبوا هەموو ژنێك لە دۆزەخ بچێ

مادام دۆزەخ لێوانلێوە لە ئەوان

سەیرم دێت لە کتێبەکەدا وانووسرابوو

dlzar20@yahoo. com

www.kurdistannet.org کوردستان نێت